## ڕاگەیاندنی گشتی

## پێك هاتنی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ

لاوانی تێکۆشەر !

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە  پاش چەند جار کۆبوونەوە و باس و لێدوان لە پێوەندی لە سەر مەسەلەی لاوانی کورد لە نۆرویژ و پێوەندی گرتن لە گەڵ هاوڕێیانی ڕێکخراوی سەرانسەری لاوانی کۆمەڵە لە سوید ، ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆرویژیش پێك هات .

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا نەبوونی ڕێکخراوێکی تایبەتی بۆ لاوانی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ زۆر بە باشی هەست پێ دەکرا ، ڕێکخراوێك کە بتوانی لاوانی کۆمەڵە لە نۆرویژیش  لە دەوری خۆی کۆ  بکاتەوە بۆ پشتیوانی کردن  لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئازادی و ئەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هەروەها گەیاندنی دەنگ و ویست و داخوازی لاوانی کوردستان بۆ ناو بیروڕای گشتی و نێونەتەوەیی .

ئێمە  بانگەوازی هەموو لاوانی کوردی نیشتەجێی نۆرویژ دەکەین لە گەڵ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە پێوەندی بگرن بۆ دەبڕینی هەستی هاوخەباتی و هاودەردی لە گەڵ لاوانی کوردستان  و دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان بەرانبەر بە سیاسەتەکانی داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە دژی پەرەسەندنی ماددەی سڕکەرەو وماڵوێرانکەری مۆخەدیرات کە بەشێکی زۆری لە لایان کاربەدەستانی حکوومەتی لە کوردستان دا لە ناو لاوان دا بڵاو دەکرێتەوە و هەروەها خەبات و بەربەرەکانی  لە دژی  هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و بیرو بۆچوونی دواکەوتووانە و کۆتایی هێنان بە هەرچەشنە ستەم و چەوسانەوەیەك لە سەرکوڕان وکچان  .

ئێمە هەروەها داوای هاوکاری  نزیك و دابین کردنی پێوەندی قووڵ  لە گەڵ ڕێکخراوەکانی نۆرویژ بە تایبەت ڕێکخراوی لاوانی سەربەخۆ و یان سەربە لاینە سیاسیەکانی نۆرویژ دەکەین و هەوڵ ئەدەین  بۆ سازکردنی پردێك لە نێوان لاوانی کورد و کۆمەڵگای نۆرویژ بۆ بەشداری و تێکەڵاوی چالاکانە لە ژیان و خەباتی سیاسی کۆمەڵانی خەڵك لە  نۆرویژ .

مەرجی ئەندامەتی ، ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بۆ هەموو کەسێك ئازادە و تەنیا پێویستی بە  نووسینی داوای ئە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەندامەتی هەیە.

ئەرکەکان ـ ئێمە بۆ لاوان کۆبوونەوەی گشتی پێك دێنین، لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی دا بەشداری دەکەین و بە پێی توانا هەوڵ دەدەین بۆ بەشداری لە هەموو خۆپیشاندانەکان .

بە سوپاس و ڕێزی زۆرەوە بۆ هەستی دڵسۆزی و هاوکاریتان لە گەڵ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە، چاوەڕوانی وڵام و ڕەخنە و پێشنیاری ئێوەی خۆشەویستین.

دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆروێژ

٦ مانگی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣

مریکا روشنی ئاژین چابۆك کاکۆ ئەلیار


پێوەندی

مریکا روشنی

E / mail > rose200_b@msn.com
tlf > 00 47 47 61 64 23

ئاکام چابۆك

E / mail > akam_ch82@yahoo.com
tlf> 00 47 95 80 08 39

کاکۆ ئەلیار

kakoelyar@yahoo.no
tlf> 00 47 37 04 53 47

ئادرێسی مایلی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆروێژ

Lawanykomala_Norway@hotmail.com


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com